ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
18:31 25-4-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەم جارە» دوعا » بوو بە قوربانی ناموسپەرستی و دین ... گولزار علی

تراژیدیای بەردەبارانکردنی کیژولەیەکی تازە پیگەیشتووی ناسک، هەستی هەموو ئینسانیکی خاوەن ویژدانی جاریکی تر هەژاندەوە. ئەم جارە کیژوولەیەکی هەست ناسکی تازەپیگەیشتوو بوو بەقوربانی بیرووباوەری پرتووکاوی سەدەکانی ناوەراست. بیرووبا وەریک کەزەرەیەک هەستی ئینسانی تیادا بەدی ناکریت کەئینسان چون ئەکاتە درەندە و لەگیانی ئینسانی بەرئەدات.



کی هەیەبەبیستنی نەک هەر بیینینی هەم رووداوەسامناکەرانەچلەکیوو مووچەرکەبەگیانیدا نەیەت وەسەرسام نەبی، بویەخو م کاتیک ئەم دیمەنەسامناکەم بینی فرمیسک لەچاومدا قەتیس بوو نەم توانی چیتر لەوەزیاتر سەیری ئەورووداوەسامناکەبکەم. بەراستی جیگای شەرمەدەسەلاتیک کەئیدیعای مافی مروف لەخوی نیشان ئەدات کەچی بەبەر چاوویەوەئەم تاوانەئەنجا م دەدریت، وەپا ریزگاری لەئەنجام دەرانی ئەم تاوانە دەکات.
هەر بویەکوشتن و بەردەبا رانکردن و لووت برین و زیندەبەچالکردنی ژنان، بوتەدیاردەی هەموو روژەو. دیاری دەستی ئیسلا می سەردەمی جەها لەتەبو ژنانی ئەم سەردەمە. سەر پا نکردنەوەی. (دوعا) بەبلوک و بەرد، لەژووریکی تاریکدا نەبو یان لەشوینیکی چولەوانی نەبوو بەدزیەوەئەنجام بدریت، یا لەحەمامی ما لەکەیاندا نەبوو. یا لا شەی بیگیانی لەقەراغ شاردا فری درابیت و بدوزریتەوە.
ئەنجام دەرانی تا وانی ئەم جا رەنەلا لایەن باووکیەوەیا براکەی یا مامیەوەنەبوو، بەلکوو ئەم جارەلەنا و جەر گەی شاردا، لەروژیکی رووناک دا بەبەر چاوی خەلک و دەسەلا ت و دەولەتەوەزور بی شەرمانە، لەلایەن چەقو کیشانی ناموو سپەرستی و دینەوە، گیانی پرلەئەووینی دوعایان لەجەستەیان دەرکیشاو بوو بەقوربانیکی دیکەی دین و نامووس پەرستی.
بوویەئەمەسەرەتای زەنگیکی خەتەر ناکی دەسەلا تی ئیسلامی سیاسیەلە کومەلگای عیراقادا کەتازەخەریکەجی پی ی خوی قایم دەکات لەدەسەلات و حکومەتدا. ئەم دەسەلاتەلەهەنگاوی ئەوەدایەهیرش بکاتەسەر مافە فەردی و سەرەتایکانی ژنان و کچان لەعیرا قدا، هەموو روژی لەهەولی ئەوەدایەیاساکانی سەدەکانی ناوەراست بکاتەیاساو لەدەسەلا تەکەیدا جیگیری بکات بوو بەریوەبردنی کومەلگا. جاریکی تر دەیانەویت ژنان بکەنەوەکونجی مالەوەو بیانکەنەکویلەی دەستی یاساو عادەت و سوونەتی پرتوکاوی دواکەوتوانەی ئیسلام. بوویەئەرکی بەرەی ئازادی و یەکسانیخواز وپیشکەوتنخوازەبیتەمەیدان بەدژی بەردەبارانکردنی ژنان و، وەهەموو یاسا پرتووکا وەکانی سەردەمی بەر بەریەت. کەنەیەلین چیتر لەوەزیاتر توندو تیژیان بەرانبەر نەکریت و هیچ هەقیکی ئینسانییان پیشیل نەکریت. وەئەرکی هەموو دەنگیکی ئازادی خوازەدەنگ هەلبریت بەدژی ئەم جورەتاوانانە.
2007 .04 .25

Hazhen2001@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.